# ئەمالپەڕەکانی ئینتەرنێتەوە

# کێ بەعسی نییە؟!.....

کازیوە سالح
K.saleh@hotmail.com



دەکرێ چەمکی بەعس (البعث) لەبنەمادا لەواتای ژیانەوە، نوێ بوونەوە یان پەیام وە گەڵاڵە کرابێتو بێگومان بەو واتا پڕ مانانەش لای حزبی بەعس بەکار هاتووە، بەڵام هەموو ئەوانە گرنگ نین، خۆشم ماندوو ناکەم بەدووی سەرچاوەکەیدا، چونکە لای منو هەموو کوردیش بەعس قێزەوەنترین واتای هەیە، ئەویش دڕندەیە لەکوشتو بڕ کردنی کوردا، ئەنفالو کیمیایی باران کردن، ئەتك کردنی ژنو کەرامەتی کورد بەگشتی، ئەتك کردنی سامانی نەتەوەییو مێژوویی و سیاسی کورد، بێ بەها کردنو دابڕانی لەکیانی مرۆییو کۆمەڵایەتیو کەلتووری، داگیرکردنی تایبەتمەندیەکانو خاکو سیمای نەتەوەیی، لێ وەرگرتنەوەی شوناسو دەست وەردانی تێکدەرانە لە هەموو هەنگاوەکانی ژیانی، ئەو واتای تا ڕادەی تەواوبوونی ووشەو سەرهەڵگرتنی ڕستە واتای ناشیرینو نادروست لەخۆدەگرێت، چونکە بەعسی بوون کردارە واتا نیە.

هەنوکە باسی توند لەسەر گەندەڵیو پاکسازی ڕەتکردنەوەی بەعسیو بەعسیزادەکان دەکرێت لەنێو دامو دەزگاکانی حکومەتو کاروبارە مرۆییەکاندا، لەهەمان کاتدا بەعسی بوون تەنها واتای پابەند بوونو هەبوونی بەلگەو پەڕاوی واژوو کراو لەنێوان کەسی یەکەمو لایەنی دووەمدا کە بەعسە دێتە ئاراوەو هیچی دی، زۆر شوناسی جیاوازی بەعسی بوون لەنێو کوردا هەڵاوێردراوە کە دەکرێ پەیوەندییان بەبەعسەوە نەبێت، بەڵام بەکردار بەعسی نمرە یەکن. ئەوەندەش ئەم ئاکارە لای کەسانی ناوەندیو رۆشنبیریو هونەرییەوە رێزدارەو لایەنە نەرێیەکانی بێ بایەخ کراوە، لەناوەندەکانی دیدا تا ئەو ڕادەیە پیرۆز نەکراوە، ناوەندی رۆناکبیری کورد ئەوەندە لەواتای ڕاستەقینەی بەعسی بوونەوە دوور کەوتوونەتەوە جگە لەوەی بە پەڕاوی رەسمی پەیوەندی بەحکومەتەوە هەبووە کەسی دی بەعسی نەزانن، هەندێ جاریش کە کەسانی دی بەبەعسی ناوزەد دەکەیت وەکو ئەوە وایە لەهەسارەیەکی دییەوە هاتبیتو ئەوەی دەڵێیت تەواو نامۆ بێت بەوان.

من دەڵێم فلان دەسەڵاتدار بەعسی یە ئەوی بەرانبەر هەڵدەداتێ " نەخێر بەعسی نیەو فایلداریش دەرنەچوو و چەندین ساڵ شاخ بەشاخی کردووە بۆ کورد" ئەمە ڕاستە، بەڵام بەڕێز ئەو هەرکە لەشاخەوە گواستیەوە بۆ شار رۆڵەی کوردی کوشت بەکوشتیدا، پاڵەوانی شەڕی ناوخۆ بوو، بەناوی تاوانی رەوشتیەوە ژنی کوردی بەکوشت دا تەنها لەبەر ئەوەی سەر بەئایدۆلۆژیاکەی ئەو نەبوون. هەر کەسیش بەووشەیەك، نارەزایی دەربڕێت سوودمەند لەهەمان کرداری بەعس دەیکات بەدارە دەستی دوژمنانو بەکرێ گیراو دوژمن بە ئاسایشی نەتەوەیی کورد. کەواتە بەعسییە چونکە هەمان کرداری بەعسی لەسەر خاکی کوردستانو لەگەڵ رۆڵەی کوردا ئەنجام داوە.

ئەوی بەرانبەر دەڵێت "فلان شۆڕشگێری کوڕی شۆڕشگێڕە، لەگەڵ ئەوەی لەناو کوردستانیشدا گەورە نەبووە" منیش دەڵێم کوڕی شۆڕشگێڕە، بەڵام خۆی بەعسییە، چونکە ئەو بەهەڵبژاردنی خۆی خاکی غوربەتی هەڵنەبژاردووە تێدا گەورە بێت، بەڵکو بڕیاری دایكو باوکی بووە لەزەمەنێکدا ئەو منداڵ بووەو خاوەنی بڕیار نەبووە، بۆیە ناکرێت لەبەر ئەوەی لەدەرەوەی کوردستان گەورە بووە ناوی بنرێت شۆڕشگێڕ، مەرج نیە گەر لەو زەمەندا گەورە بوایە بەعسی بوونی هەڵنەبژاردایە، لەکاتێکدا ئێستا بەگوێ لەمشت بوونیو سەرچۆپی بۆ حزبەکان بەعسی بوونی هەڵبژاردووە، نەیتوانیوە سوود لەکۆمەڵی رۆژئاوایی مەدەنی وەربگرێتو لەو هەلو مەرجەشدا بەعسی ئاسا ژنو خوشکی دەچەوسێنێتەوە، ژن دەکوژێت، تاکەکانی خێزانەکەی بێ بەش دەکات لەمافەکانیان، رۆژانە دەست دەگرێتەوە بەخت میوانی بێتو سازشەکانی بۆ حزبو دەسەڵات شەفاعەتی بۆ بکەنو پۆستێکی بدەنێو بگەڕێتەوە کوردستان لوالوانەتر درێژە بەکاری بەعس ئاسایی خۆی بدات.

پێم دەڵێت مرۆڤێکی بێوەبیەوەیەوەو کاسبەو توانیویەتی لەماوەیەکی کورتدا خۆی بگەیەنێت، پێت دەڵێم، مرۆڤێکی بەعسیو دزە، بەگەندەڵیو دزینی سامانی کوردو مافی هاوڵاتیان خۆی پێگەیاندووە، بەرێگەی لەسەرەوە بانگەشە کردن بۆ سەربەخۆییو ژێر بەژێریش ڕاپۆرت نووسین بووە بە برا شەریك لەگەڵ لێپرسراوە فایلدارەکان لەدزینو ئاودیو کردنی قوتی هاوڵاتیان. مەگەر ڕاپۆرت نووسینو کارکردنی ژێر بەژێر لەسەر حسابی ژیانی گشتی هاوڵاتیانو ئاسایشی ژیانیان، هەواڵدانو هەواڵنێری کاری سیخوڕیو بەعسیەتی نیە؟.

ئەوان پێم دەڵێن فلان نووسەر زۆر بەجەرگو چاو نەترسە، کوڕی رۆژە، منیش دەڵێم ئەو تەنها بەعسیەکەو هیچی دی، ئەو دەهۆڵ ژەنو ئاگر خۆش کەری شەڕی ناوخۆ بوو، بەعسی عەیار بیستو چوارە، چونکە تەنها بەعسی توانیویەتی هێندە لەبەهاو نرخی تاکی کورد کەمکاتەوە و هەمیشە لەتۆمەتو پلانگێڕاندا بێت وەکو ئەو بەناو بەجەرگە کە جگە لەسوکایەتیو تۆمەتو شەڕی کەسی خۆی ووشەیەکی نەنووسیوە مرۆڤێك سوودی لێ ببینێت، دەروونە ماندووەکانی وەکو ئەو نەبێت، بەعس ئاسا بەووشە ئەتکی مرۆڤ بکات. تاکەکە بکات بەقوربانی ووشە بێ ئاستەکانیو ووشەش بکات بەقوربانی دەروونی لاوازی. ئاخر تەنها بەعسی دەتوانێت بەو ئاستە رقو کینە لەناخیدا حەشار بداو بەجۆرەها شێوەو پلانو ناو، لەبێ ئاسترین ئاستەوە دەریانبڕێتو لەو دەروونە پڕە بەتاڵ بکاتەوە. ئەوە ئەتك کردنو تیرۆری رۆحی مرۆڤی پێ دەڵێن نەك رەخنە، خاوەنی دەسەڵاتو چەکی دیکەش نیە بۆیە تەنها بەووشە مرۆڤەکان ئەتکو تیرۆر دەکات، گەر خاوەنی بوایە ئەوا ئەویش وەکو هەموو دەسەڵاتدارێکی زاڵم وەکو بەعس کورد قڕانێکی دی دەهێنایە نێو مێژووەوە. من دەڵێم ئەو بانگەشەکارەی مافی ژنەو بەکەسایەتی ناسراوەی کوردە بەعسیە، ئەوانی بەرانبەر دەڵێن، حەیفت کرد وەکو ژنێکی هەوڵدەر بۆ مافو ئازادی ژن. داکۆکیکارێکی مافی ژنان تاوانبار دەکەیت، بە بەعسی بوون. ئاخر بەڕێز هەر کەسێك، بەرهەمێکی ئەدەبیو پێنووسی ژنە نووسەرێك، رتووشی فڵچەی ژنە هونەرمەندێك، تۆنی ئاوازی ژنە گۆرانیبێژێکی بەرەو کاڵ بوونەوە، بەرەو لەناوبردن، بەرەو خەفەکردنو دوورخستنەوە بردبێت بەهەر جۆرێك لەکاریگەریە دەروونیو کرداریەکان ئەوە بەعسیە، چونکە نووسەر بوون، هونەرمەندبوون بۆ ژن لەنێو کۆمەڵی کوردیدا ئەوەندە گرانو بەئەرکو دەگمەنە، بوونی تیشکێکی کالیشی واتای سامانی نەتەوەیی دەکات بۆ کورد، ئەوەی زیانی بەو لایانانەی ژن گەیاندووە، زیانی بەسامانی نەتەوەیی کورد گەیاندووە، ئەوەش پیشەی بەعسی بوو. ئەوەی دیشیان هەر بەعسیە ژنەکانو بەعسیە رۆژنامەوانەکان وەکو داکۆکیاری مافی ژن بانگەشەی بۆ دەکەن، چونکە داکۆکیە سەر زارەکیەکانی ماڵەکەی خۆی نەگرتوەتەوە، لەماڵەوە گەورەترین چەوسێنەرو بێ بەشکاری ژنانی نێو خێزانەکەی خۆیەتی، ئەتك کردنی مێژوو، پاراداکسی بوونو دووفاقیەتیش هەر لەمرۆڤی بەعسی دەوەشێتەوە. کرداری سەرەکی بەعسیان بوو.

پێم دەڵێن ئەی کام جۆرە ژنە بەعسیە نەك بە جورئەت، پێت دەڵێم ئەو جۆرە ژنەی دەبێت بەپاسەوانی دەرگای حزبو گەر رێبواران بەوێدا تێپەڕینو ماشاالله‌و بەرەکەتی بۆ باڵای حزب نەکرد، ئەو لەوێدا لێپسراوە قاچی ئەوانەیان بگرێت کە ژنو پڕ بەتوانای خۆی بەر قەپاڵیان بدات. ئەوانەی کە بەختەوەری خۆیان لەسەر حسابی ژنێکی تر پێك دەهێنن، ئەوانەی بەناو داکۆکیکاری ژنو لەماڵەوە بۆ خۆیان چەوساندنەوە قبوڵ دەکەن یان خۆیان چەوسێنەری ژنن، ئەوانەی دەبن بەکاڵایەکی بێ ڕەواجو لەبازاڕی نێرینەدا بۆ وەدەست هێنانی مەبەستێکی دیاریکراو. ئەوانەی بۆ خاتری ئەوەی پێی بڵێن ژنی چاکە پەنا بۆ ئەو وێستگە سیاسیو رێکخراوەییو راگەیاندنانە دەبات کە وێستگەی سوکایەتی بووە بەژن، ئەوانەی بازرگانی بەمەسەلەی ژنەوە دەکەن.

"تۆزی غوربەت سیمای شێواندوویت، بگەڕێوە ئەو خاکە لەئامێز بگرە کە منداڵیتی لەئامێز گرت" نا ناگەڕێمەوە هەتا کوردستان لەدەستی بەعسیەکانو سیستەمی بەعس رزگاری نەبێت، بەر لەوەی زمان بکاتەوەو بڵێت بێ ئاگایتو دەمێکە شۆڕشی پرتەقاڵیمان دژ بە بەعس سەرخست، دەڵێم من لەدەرەوەی وولاتیش هەر وەکو جارانی بەعس هەوڵی سڕینەوەی شوناسم دەدرێتو دەکرێم بەعێراقیو گەر داکۆکیم لەو شوناسە ئەتك کراوەشم کرد ئەوا دەکرێم بەدارە دەستی دوژمنو داگیرکەر لەپشت بوو، تابوری سێیەم، ئاژاوە گێڕ، تێکدەر، ئۆپۆزیسیۆنو دژ بەئاسایشی نەتەوەییو.. هتد، جا ئەوەی جاران خوێنمان بۆ دەرشتو ڕاپەڕینمان بۆ کرد هەر لەپێناوی وەدەست هێنانی شوناسدا بوو، لەپێناوی کورد بوونماندا بوو نەك عێراقی بوونو فارسو تورکو عەرەب بوون. لەهەر پێداگرتنێکیشماندا بەهەمان ئەو چەمکانە تاوانبار دەکراین، گەر هەموو ناتەواویەکانی دی سیستەمی بەڕێوەبردنیش بخرێتە لاوە، هێشتا هەر شەرمەزارییە باسی ئازاد بوونی کوردستان بکەین.

ئێمەی مرۆڤ، کەسانی رۆشنبیر، ئەو رێکخراوو گرووپانەی باس لەریفۆرمو مافی قوربانیانو خەڵکی کوردستان دەکەن، گەر رەچاوی کرداری بەعسیانەی مرۆڤی کورد نەکەن ماندووبونەکانیان دەچێتە خانەی ماندووبوونی بەرزکردنەوەی بەردەکەی سیزیڤەوە کە پاش گەیاندن خلۆر دەبێتەوە بۆ خوارەوە، چونکە لەبنەمادا هەوڵدانمان بۆ بنبڕکردنی بەعس لەناو کوردا پێویستە واتای بنبڕکردنی کردارەکانی بەعس بکات، کە هەندێکیان بۆ ماوەیی بەعسە خەڵك وەریگرتووەو بەعس بەمەبەست لەنێو کۆمەڵی کوردا چاندنی. بەعس تەنها ئەوانە نین کە واژوویان بۆ بەعس کردو هاوکاریان کرد لەئەنفالو هەڵەبجەو لەناوبردنی کوردا، ئەوانەشن کە سروشتی مرۆڤ بوونو سیمای جوان لەناو کوردا لەناو دەبەنو بەرەو بەکرداری بەعسیانە لەناو ئەو کۆمەڵەدا دەدەن، ئەوانەن پرۆسەی جەللاد دەکەن بەپرەنسیپی ئاساییو قوربانیش دەکەن بەگێلو نەزان، بەعس هەموو ئەو خاڵانەن باسمان کردو چەندینی تریش، تۆی مرۆڤو تۆی رێکخراو، تۆی گرووپیش گەر بەڕاستی دژایەتی بەعس دەکەیت، دەتەوێت ببیت بەخاوەنی کۆمەڵێکی مەدەنیو دوور لەتووندوتیژی، خاڵێك نیە لەنێوان چاکەو خراپەدا، خێرو شەڕدا پاکسازو گەندەڵو مرۆڤی ڕاستگۆ کۆبکاتەوە، مرۆڤی چاکساز ئەو کەسە نیە هەڵگری شتێك لەچاکەو شتێك لەگەندەڵی بێت، چاو لەجۆرێك گەندەڵی بپۆشێتو دژی جۆرێکی دی بێت، لەنێوان عەقڵو رۆحی مرۆڤدا رەهەندی سێهەم هەیە کە بەها، عەقڵ پاڵ بەمرۆڤەوە دەنێت بۆچاکەو بەهاش بۆ جوانی چاکەو جوانی هیچ کامیان هەڵگری نیوە بەنیوەی خاڵی لاوازیو خاڵی هێز نین.

سەرچاوە:
www.kurdistannet.org

# زێیاری ئەمە واتای چی دەبەخشێ

نزار جاف
nezarjaff@gmail.com



لەبەیاننامەیەکی نیمچە شەرمنو رووخساری پشەوکاودا، وەزارەتی دەرەوەی عێراق ڕایگەیاند کە بەڕێز وەزیری دەرەوەی عێراق هۆشیار زێباری گەیشتە ئەنقەرەو باڵوێز ئەحمەد ئوز جیفیکوز، نێردراوی تایبەتی تورکو بەرپرس لەکاروباری عێراق، لەپێشوازیدا بوو.

هەڵبەتە گومان لەوەدانییە کە بەر لەهەموو سەردانێکی دیبلۆماسی، نەریتێکی پەیرەوکراو هەیە دەربارەی روونکردنەوەی وردەکارییەکانی ئەو سەردانەو کێ دەچێت بەپیرییەوەو چەند رۆژی پێ دەچێتو... هتد... دەشبێت کاك هۆشیار دەقی بەرنامەی سەردانەکەی پێ گەیشتبێتو بۆی ئاشکرابووبێت کە "بەرپرسی کاروباری عێراق" دێتە پێشوازی لێکردنیو لەنەریتە نێودەوڵەتییەکاندا ئەو بەرپرسە تورکە لە "ئەفسەرێکی هەواڵگری" بەولاوە چیتر نییە!، بەڵام ئەگەر هاتو بەڕێز زێباری وتی کە بەبێ بەرنامە رۆیشتووە بۆ ئەنقەرە، ئەوا ئەوکاتە کارەکە واتاو ناوەڕۆکێکی یەکجار خراپتر دەگرێتە خۆی کە هەرگیز پێموانییە کەسایەتییەکی وەك هۆشیار زێباری کە تەمەنێکی لەبابەتەکانی پەیوەست بەپێوەندییە دەرەکییەکانی بردۆتەسەر، هەر لەخۆیەوە هەگبەکەی بگرێت بەدەستەوەو بڕوات بەرەو ئەنقەرە.

ئەوەی کە لێرەدا دەبێت ئاماژەی پێ بدرێتو هەڵوەستەی لەسەر بکرێت، ئەو ڕاستیەیە کە دەوڵەتی تورکیاو بەرپرسەکانی بەتایبەتی لەم قۆناغەی ئێستادا، ئەو بایەخە نێودەڵەتییە ئەوتۆییەیان نییەو ئەوەیان بەس بێت کە نیمچە دوورگەیەك بۆتە کۆسپێك لەبەردەمیاندا تابچنە یەکێتی ئەورووپاوە، سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی وڵاتانی جیهانو ناوچەکەش بەتایبەتی ئەوەندە حەز بە "چارەی " بەرپرسە تورکەکان ناکەن، بەڵام ئەگەر هەموو ئەمانەمان خستە لایەکەوە، خۆ دەبێت بزانین ئایا کاك هۆشیار چۆن تەماشای خۆی دەکاتو چۆن خۆی لەبەرامبەر عەبدوڵڵا گولی وەزیری دەرەوەی تورکیا هەڵدەسەنگێنێت؟، چونکە نەهاتنی بۆ پێشوازیکردنی لەنەریتە دیبلۆماسییەکاندا، واتای زۆری لێدەکەوێتەوە، کە گرنگترینیان ئەوەیە تورك بەچاوی سووکایەتی تەماشای هەموو شتێکی کوردی دەکەنو لەخوار خۆیانەوە تەماشایان دەکەن.

زێباری لەم سەردانەی کە دەستپێکی سەردانە نێودەڵەتییەکانییەتی لەوەتەی حکومەتی نوێی عێراق پێکهاتووە، ئەو سەردانەم بەبیر دەهێنێتەوە کە گەلی کوردو براقی رزگاریخوازی خواخوای ئەوەی بوو کارمەندێکی بچووکی هەر وەزارەتێکی هەر وڵاتێك پێشوازی لەبەرپرسێکی سیاسی کورد بکات، چونکە رازیبوونی کاك هۆشیار بە پێشوازی لێکردنی ئەو "ئەفسەرە" تورکە، دانیشتن لەگەڵیدا بۆ قسەکردن لەسەر کاروباری عێراق، تەنها یەك واتا دەبەخشێت ئەویش خۆ بەکەم تەماشاکردنە، لەراستیشدا ئەگەر ئەم کارە لەگەڵ هەر وڵاتێکی تری جیهاندا رووی بدایە "لەگەڵ ئەوەی کە هەر بەکارێکی نابەجێ دادەنرێت" لەوانەیە مرۆڤ پاساوێکی بۆ کاك هۆشیار بهێنایەوە، بەڵام کاتێك بابەتەکە پێوەندی بەتورکیاوە دەبێت، ئەوا مەسەلەکە چەندین رەهەندی قوڵ دەگرێتە خۆی.

من بەش بەحاڵی خۆم هەست بەشەرمەزاریو بێزارییەکی تەواو دەکەم لەم سەردانەی کاك هۆشیار، دەبێت بەڕێزی هەست بەچی بکات؟!!!

سەرچاوە. www.dengekan.com

# دە خاڵی سەرەکی گەندەڵی



ح.س. سۆران-تاران

وشەی گەندەڵ، لەریشەی (گەند)ەوە دێتو (گەند) وشەی لفەو دوانەی (گافو واو)ە، کە لەفەرهەنگی کوردیدا، پیسترین شتە. گەندەڵی وەك خۆرە وایە، بۆ وێنە دار گەندەڵ بوو، دەبێ ئیدی بەیەکجاری دەستی لێ داشۆری: یا شووتی، کاڵەکو تەرکاری گەندەڵ، کە لەزەقرەمووت ناخۆشترە، یا کۆمەڵێ گەندەڵ، کە زوو یا درەنگ، لەنێوەوە دەخۆرێتەوە، بەجارێك تێك دەرمێو هەموو دەبن بەژێر رەوەزی کەندەلانی گەندەڵییەوە.

ئەز لەم نووسراوە کورتەدا، زۆر بەوردی باسی دە خاڵ سەرەکی گەندەڵی کۆمەڵایەتی دەکەمو ئاماژەیەکی سەرپۆرتیشم دەبێ بەو مەرگەساتانەی، کە بەهۆی ئەو گەندەڵیانەوە دێنە گۆڕێ:

خاڵە سەردێرەکانی گەندەڵی کۆمەڵایەتی:

1- خزمبازی.
2- تاقمبازی.
3- حەقکوژی.
4- دزی.
5- بەرتیل وەرگرتن.
6- خۆماڵی خۆماڵی.
7- تەمەڵیو تەوەزەلی.
8- سپاردنی بەرپرسی بەکەسگەلی نەزانو نەتوان.
9- ئەمڕۆ بڕۆ، سبەی وەرەوە.
10- پارە پەرەستی.

بە بیروڕای من، ئەو دە خاڵەی سەرەوە، لەگرنگترین خاڵە سەردێرەکانی گەندەڵی کۆمەڵایەتینو بەلای کەمەوە دەبنە هۆی ئەم درمە چەپەڵانەی خوارەوە:

1- پچڕانی شیرازەی ژیانی ئابووریو کۆمەڵایەتی.
2- پەرەسەندنی ستەم.
3- نارازی بوونی خەڵك.
4- وەدوا کەوتنی کۆمەڵ.
5- ماڵ وێرانی.
6- بێ ئەزمیو پشێونی.
7- بێ رێزیو سووكو سەلیی.
8- پێکهاتنی فەرهەنگی لاری.
چەوتی، دزیو درۆزنی.
10- لەئاکام دا، رووخانی دەستەڵاتو حکوومەت.

تێبینی: بەداخەوە، دیاردەی پیسی گەندەڵی تایبەت بەیەك وڵاتو جێگە نیە، ئەمما بەپێی کاتو جێگە تۆفیر دەکات، بەڵام ئەو رێبەر، کاربەدەست، بەرپرسو کەسانە قازانجیان کردووە، کە وەك حەزرەتی گاندی، لەجێگەی کۆشك، لەخانوویەکی ئاساییدا دانیشتوونو لەباتی داراییو سامانی پووچ، تاجی فەخری خزمەتی گەلیان لەسەر ناوەو لەسەر تەختی دڵی نەتەوەی خۆیان پاڵیان داوەتەوە.

کەسایەتی لەوە گرنگترە، کە بەپارەی چەپەڵو بەمەقام، بیفرۆشی.

هۆنراوە:

دارایی دەنیا وەك چڵکی دەستە،
ئەم چڵکەش زیاتر، هی دەستی پەستە،
سۆران چەپەڵی لەکەڵکێکی نیە،
ئەو کەسە کەسە، کە بەمەی مەستە.

سەرچاوە:
www.klawrojna.com

# دۆکان ( قەڵاچۆڵان )و سەری رەش



فەهد گردەوانی- ستۆکهۆڵم

سەرۆك وەزیرانی سوید ناوی (یۆران پارشۆن 1949/1/20)ەو لەناوەندی شار لەخانووی دەوڵەتدا دەژی. هیچ سەریرەشو دۆکانو قەڵاچۆڵانی داگیر نەکردووەو لەخەڵکی (مەمنووع) نەکردووە. هەر مانگی نۆی داهاتوو (سێپتەمبەر/ ئەیلول) کە بووە دەنگدانو یۆڕان پارشۆن دەنگی نەهێنا، بەشێوەیەکی دیموکراسیانە، خانووەکە چۆڵ دەکات بۆ ئەو سەرۆکوەزیرە تازەیەی کە لەدەنگداندا دەباتەوە.

لەماوەی ژیانمدا لەوڵاتی سوید، بەم (یۆران)ەڕا شەش سەرۆکوەزیری تری پێشوو لەو خانووەدا ژیاونو هەر یەکەیان، کە لە دەنگداندا دەرنەچوون، هاتوونەتە دەرەوەو بۆ ئەوەی تر چۆلیان کردووە. تەنانەت (ئۆڵف پاڵمە 1927/1/30- 1986/2/28)ی رەحمەتیش، کە کوژرا،(لیسبێت پاڵمە 1931/3/14)ی هاوسەری خانووەکەی بۆ (ئینگڤار کارلسۆن 1934/11/9)، کە تا ئەوکاتە جێگری پاڵمە بوو، چۆڵی کردو کەسیش نەیگوت ئەو خانووە با هەر بۆ بێوەژنەکەی پاڵمە بێت. خۆ ئۆڵف پاڵمە لەسیاسەتی نێودەڵەتیدا لەبەڕێزان مام جەلالو کاك مەسعود بەناوبانگترو قسەڕۆیشتووتریش بوو.

هەنووکە، بەگوێرەی حیبری سەر کاغەزو کۆبوونەوەکانی سەریرەشو دۆکان، هەردوو زلهێز ئاشتبوونەوە، کەچی لە6/21دا بۆ خۆشیدەربڕینی جەماوەر جامی ئۆتۆمۆبیلەکانی هەوادارانی کۆسەرەتی، لەگەڕەکی 99ی هەولێر، درایە بەر گاشەبەردانو دەبێ حکومەت قەرەبووی زیانی یەکگرتنەوەش بکاتەوە! ئەی ئەگەر پارتییەکانی سلێمانی بچنەوەو یەکێتیەکانی هەولێر بگەڕێنەوە هەر یەکە دەچێتەوە ئەو خانووانەی کە ئەوەی تر لێی داگیر کردبوو، یان دەبێتە شەڕە گوللە!

ئەرێ تۆ بلێی رۆژێك بێ خەڵکی، بۆ گەشتوگوزار، رووبکەنەوە سەری ڕەش، بۆ تەبدیلی هەواش پەنا ببنەوە بەر فێنکایی دەریاچەی دۆکان؟!

ئەو خانووە ناوی ( sagerska huset) ەو لەشەقامی (18- stromgatan )ە لەستۆکهۆڵم. لەسەدەی حەڤدەهەم دروستکراوەو ساڵی 1880 برایان (ساگەر sager ) کڕیویانەو پاشان فرۆشتیانەوە دەوڵەت. کاتێك ئینگڤار کارلسۆن چووە ناو ئەو خانووە ناوەکەی لە (کۆشکی ساگیشکە) گۆڕی بۆ (خانووی ساگیشکە)و ئێستاکەش بەو ناوە ناسراوە. ئەو وێنەی سەرەوە خانووەکە نیشاندەداتو خەڵکی بۆیان هەیە بەو شەقامە بەئازادی خۆیان پیاسە بکەن 2006/6/29

سەرچاوە:
www.kurdistanan.com